The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
chak.org@gmail.com

# لەشاری سلێمانی گۆرێکی بەکۆمەڵ دۆزرایەوەو تائە مرۆ گەڕان بەردەوامە.

رۆژ 12/8/ 2007 لە شاری سلیمانی نزیك گۆرستانی شێخ ئەحمەدی هندی گۆرێکی بە کۆمەڵ دۆرایەوە، کە تەرمی ژنو مندالیشیان تێدایە، شایانی باسە گۆرە کە لە وکاتە دا دۆزرایەوە کە شارە وانی سلیمانی خە ریکی لێدانی جادەیەکی تازەبووە ، سەرەتا تەرمی قوربانیەك دەکەوێتە بەرچاوی سایەقی شۆفلەکەو دواتریش لەلایەنە پەیوەندیدارەکانی لێئاگادارەکەنەوە، لەئەنجامی گەرانی تیمەکانی پۆلیسو پزیشکی دادوەری شاری سلێمانی توانرا کاتژمێر1:45ی دوێنی 12/9 تەرمی 5 قوربانی بدۆزنەوە.




ئەمرۆنوێنەری ناوەندی چاك لەسلیمانی عومەرمحەمەد سەعات 10 ی سە رلە بە یانی لەسەردانێکیدا بۆسەرئەو گۆرە، پێی راگەیاندین کەوا هەتا ئەمرۆ تیمەکانی پزیشکی دادوەری لە هەمان شوێنی ئەو گۆرە سەرقالی دۆزینەوەی گۆری ترن، لەبەرئەوەی واپیش بینی دەکرێت گۆری تریتێدابێ، ئە وە شی راگە یاند هە رئێستا تەرمێکی تر دۆزرایەوە کە بەجلوبەرگەکەیدا دیارە تەمەنی لەنیوان 11-14 ساڵیدایەو کوڕە.

به پێی زانیاریەکانی بەرپرسی سلیمانی ناوەندی چاك ، ئەو گۆرە بەکۆمەڵە قوربانیەکانی ئەنفالو کیمیاباران نین، بەڵکو واپێدەچێت هەموو قوربانیەکان ئەندامانی خێزانێك بنو قوربانی دەستی دەزگائەمنییو موخابەراتیەکانی رژێمی بەعس بووبن، بەڵام ئەوەی مایەی لەسەروەستانو تێرامانە ئەوەیە ئەو تەرمانە گۆریچەیان بە بلۆك بۆکراوەو لەباتانیدا بوونو بە نایلۆن داپۆشراون.. بێگومان لەکاتی ناشتنیاندا دامودەزگاکانی بەعس بەم کارانە هەلنەستاونو



هیچ ڕێزێك بۆمردوو قایل نەبوون.

سەبارەت بەدوا هەوالیش لەو بارەیەوە بەرپرسی ناوەندی چاك لە پەیوەندیەكی تەلەفۆنیدا پێی ڕاگەیاندین كەوا ، ئیستا تەرمەكان لە پۆلیسخانەی سارداوی شاری سلێمانینو دواتر پزیشكی دادوەری شیكردنەوەی زیاتریان بۆدەكاتو ڕەنگە زانیاری تر لەبارەیانەوە بدەن.

**ناوەندی هەلەبجە دژبەئەنفالو جینۆسایدی گەلی کورد- چاک-**


www.chak.info

chak.org@gmail.com